# چ شەرو بەیەکدادانەکان و کارە ئیرهابیەکان، چ هەراوهۆریای هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی!! دوودیوی یەك گورزن بۆ ئەنجن ئەنجن کردنی کۆمەڵگای عیراق.

**عبدالله مەحمود**

هەوڵی چڕوپری ئەمریکاو بەرەی بۆرژوازی عێراقی بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەت و حکومەتی عێراق تا ئێستا بەهیچ ئاکامێك نەگەیشتووە، تائێستا عێراق مەیدانی شەڕو بەرامبەرکیێ ی هەردوو بەرەی کۆنەپەرستی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیەو لە ناو سیناریۆیەکی ڕەشدا پەل و پۆدەکوتێت، و بیێ سەرەوەبەرەیی لە ئاکامی نەبوونی دەوڵەت"هەر دەوڵەتێك" نەبوونی یاسا"هەرجۆرە یاسایەك" سەراپای کۆمەڵی لە سەرگەردانیەکی بێوێنەدا ڕاگرتوە، خەڵکی عێراق لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادا ڕوبەڕوی دژوارترین هەلومەرج بونەتەوە. لە ناوجەرگەی ئەم سیناریۆ قێزەونەدا، بەرەی کۆنەپەرستی بۆرژوازی سیناریۆیەکی گاڵتەجارانەی تریان بەناوی هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و کوردستان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان لەیەککاتدا دەست بۆ بردووە.ئەمە چ مەهزەلەیەکی تری مێژوویە؟ لەکاتێکدا ئاسەوارێك لەدەوڵەت نیە، ئاسەوارێك لە حکومەت نیە، باسی شەرو بەیەکدادانی هێزەکانی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی، تیرۆر رفاندن و سەربرین، تەقینەوە، سەردێری هەواڵەکانی میدیای دنیایە، تەنانەت حاڵەتی باری نایاسایی لەلایەن حکومەتە بیێ پایەو ناشەرعیەکەی ناو کوشکەکانی سەدام ڕاگەیەنراوە، کەچی باسی هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەئەندازەی هەواڵی تیرورو ئیرهاب و سەربرین و شەر، گەرم کراوە.

چ شەڕو بەیەکدادانەکان و کارە ئیرهابیەکان، چ هەراوهۆریای هەڵبژاردن و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی دوودیوی یەك گورزن بۆ ئەنجن ئەنجن کردنی کۆمەڵگای عێراق، و درێژەدان بەو هەلومەرجە پر کارەسات و دژوارەی ئێستای عێراق.

ئەگەربەیەکدادانی هێزەکانی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی ، تیرۆو تەقاندنەوەو سەربرین و بی سەروشوێنکردن، بە پلەی یەکەم نائارام راگرتنی کۆمەڵگاو زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن بێت، ئەوا هێنانەگۆری سیناریۆی هەڵبژاردن لەلایەن دەیان هێزو دەستەو تاقمی میلیشیایی قەومی ودینی و تایفی ڕەنگاورەنگ و لە غیابی دەوڵەت و حکومەتدا، تەنها دەتوانی ببێتە مایەی هەڵایسانی بەیەکدادانی قەومی و دینی و تایفی، وخستنەگەری ئاشی هارینی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە، ئەم سیناریۆی هەڵبژاردنەی ئێستا کە هێزە کۆنەپەرستە قەومی و دینی و تایفیەکان دەیانەویێ بە هەنگاوێکی دیموکراتی و گێرانەوەی سەروەری بۆ عێراق دەرخواردی ڕای گشتی وحکومی دنیای بدەن، خۆیان ئەو هیزانەن کە تاسەرئێسقان دژی هەڵبژاردنن، بۆیە لەنەبونی دۆخێکی سیاسی  ئارامدا و لە ناو فەزای ترس و تۆقاندندا دەیانەویێ لە جێگای هەڵبژاردن، بەزۆری چەك و ترس و تۆقاندن پەنجە مۆری خەڵك وەربگرن تا بەرگی دەسەڵاتی میلیشیایی بکەن بەبەر قەڵەمڕەوی ملهوری و کۆنەپەرستیەکەیاندا. بۆیە ئەمەی کە بەرێوەدەبرێت هەڵبژاردن نیە، بەڵکو کردنەوەی بەرەیەکی تری جەنگە لە دژی خەڵکی عێراق، ئەم بەرە تازەی جەنگە مەیدانی نمایشی هێزو دەسەڵاتی هێزەکانی ناو بەرەی بۆرژوازا قەومی و دینی و تایفی عێراقیە. کە ناتوانن نمایشی قەومی و دینی و تایفی یەکتر قبولێ بکەن و خودی ئەم نمایشی هێزە کە ناویان ناوە هەڵبژاردن، دەبێتە هۆی بەیەکدادانی ئەم هێزانەو لەوێشەوە هەوڵدەدەن ئەمە کێشمەکیش و بەیەکدادانەی نێوانیان شۆربکەنەوە بۆ ناوخەڵکی عێراق و شەری قەومی و دینی و تایفی وەڕێبخەن، هەر بەو دەلیلە سادانە نابێت خەڵکی عێراق و کوردستان مل بەو یاری کردنە بەئاگر بدەن و بەشداری هەڵبژاردندا بکەن.